زنجیرەی منداڵی سەردەم

# کامیلیا

## نایەوێت یارییەکانی بدات بە کەس




نووسینی: نانسی دیلۆ - ئالین دو باتینی
بۆ عەرەبی: ماهر محیو
لە عەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا



– ئەم کاتەتان باش سارا و سالار.
ئیمڕۆ ڕۆژی پشووە، پێکەوە یاریدەکەین، دەڵێن چی؟!



- با ژووره خنجیلانەکەی خۆمتان پیشانبدەم.. ئەمەیە! فەرموون.



– ئاهـ! ئای کە بوکەڵەیەکی جوانە کامیلیا!!
وادەکەم چەند هەنگاوێک بە پێیەکانی خۆی ڕێبکات.



- ئای ئەم موکەعەبانە چەند جوانن!! وەرە با پێکەوە شارێک دروستبکەین، بێگومان ئەوە زۆر خۆش دەبێت.



- کامیلیا لە سوچێکی ژوورەکەدا دانیشتبوو و سەیری هەردوو هاوڕێکەی دەکرد، کە گەمەیان بە یارییەکانی دەکرد، دەستیکردە گریان.

– بینیت ورچە گیان؟ ئەوان بەبێ ڕەزامەندی من گەمە بە یارییەکانم دەکەن. بوکەڵەکەم حەزی نەدەکرد هەڵسێت و خۆیشم موکەعەبەکانم زۆر بەچاکی ڕێکخستبوو.



– کەمیلیا گەمەمان لەگەڵ ناکەیت ؟!
سەیربکە چ باڵەخانەیەکی بەرزم بنیاتناوە.
– نەخێر نامەوێت.




- کەواتە وەرە با یاریی بە بوکەڵەکە بکەین!

- نەخێر .. نامەوێت.



- چیتە ئازیزەکەم؟ هێشتا کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ نەهاتوە؟
- ئەوە سارا و سالارن... گەمە بە یارییەکانم دەکەن.





- ئەوە تۆی هێناوە بۆ لام؟
- باشە، من.. من نامەوێت یارییەکانی خۆمیان بدەمێ.
- حەزدەکەیت بەتەنیا یاریی بکەیت؟
- نا، چونکە یاریکردن لەگەڵ ئەوانیتر خۆشترە.



– کەواتە دەبێت ڕێگەیان بدەی گەمە بە یارییەکانت بکەن، چونکە بەوە خۆشەویستی خۆت و بڕوابوونت پێیان پیشاندەدەیت، لەبیرتە من کاتی ئامادەکردنی کێکەکە کەلوپەلی چێشتخانەکەم پێدای یارییان پێ بکەیت.



- تۆ سارا و سالاری هاوڕێت خۆشدەوێت، وانییە؟!
- بەڵێ، ئەوان باشترین هاوڕێی منن.
- کەواتە بچۆ بۆ ژوورەکەت و یارییان لەگەڵ
بکە. دوودڵ مەبەو ڕێگەیان پێ بدە با گەمە
بە یارییەکانت بکەن.. خێراکە.



– پاش ماوەیەکی کورت دایکی
کامیلیا منداڵەکانی بانگکرد؟!

– ئەوە چییە؟ ئەوە جلەکانی کامیلیایە!!

– کامیلیا جلەکانی پێداین هەتاکو خۆمانی پێ بگۆڕین.



– ئەوەش خشڵ و زێڕەکەی کامیلیایە؟!
– بەڵێ ... حەزمکرد بەکاریان بهێنم و
کامیلیاش ڕازیبوو بەکاریانبهێنم.

- بڕاونە دایکە وەک شازادە خۆم گۆڕیوە.








– ئاهـ!! كراسە جوانەکەم، ملوانکە مرواریيەکەم؟!


– بێگومان دایکە تۆ منت خۆشتردەوێت، بۆیە


زۆر دڵخۆشی بەوەی جلوبەرگی تۆم پۆشیوە!.







لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردم

نرخی (٧٥٠) دینارە